# پێنج ئامۆژگاری یەکەی یەحیا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی: رۆژان ڕەئوف
سەرچاوە: سایتی ڕێگای ڕاستی
www. regayrasty.org

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩
islamhouse.com

# ( وصايا يحيى عليه السلام )

« باللغة الكوردية »

إعداد: روژان رؤوف
المصدر: موقع الطريق المستقيم
www. regayrasty.org

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩
islamhouse.com

# پێنج ئامۆژگاری یەکەی یەحیا

حارسی ئەشعەری - خوای لێ ڕازی بێت - دەفەرموویێت پێغەمبەری خوا (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆی گێڕاینەوەو فەرمووی خوای گەورەفەرمانی بە(یەحیای کوڕی زەکەریا) کرد کەپێنج ئامۆژگاری هەن پێویستەبەنی ئیسرائیلییەکانی لێ ئاگادار بکاتەوەو خۆشی جێ بەجێیان بکات.

( عیسای کوڕی مریەم ) چووەلای یەحیاو پێی فەرموو خوا پێنج ئامۆژگاری پێ ڕاگەیاندوویت کەبەبەنی ئیسرائیلییەکانی ڕابگەیەنیت جا یان بۆ خۆت ئەو کارەبکەیان لێم گەڕێ با من پێیان بڵێم. یەحیاش فەرمووی ئەگەر تۆ پێش من پێیان بڵێیت لەوەدەترسم خوا سزام بدات و زەوی قووتم بدات ئیتر خەڵکەکەی هەموو لە(بیت المقدس) دا کۆکردەوە بەشێوەیەک کەمزگەوتەکەتەواو پڕببوو، تەنانەت خەڵکەکەلەسەر دیوارەکان دانیشتبوون پاشان دەستی کرد بەئامۆژگاری کردنیان و فەرمووی: خەڵکینەخوا پێنچ شتی پێ ڕاگەیاندووم ، لەسەرتانەکاری پێ بکەن و لەپێش هەمووشتانەوەمن دەبێت کاریان پێ بکەم :

یەکەم: ئەوەیەدەبێت هەر خوا بپەرستین و هیچ هاو بەشێکی بۆ قەرار نەدەن هەرکەسێک ئەو کارەبکات واتە هاوبەشی بۆ دابنێ وەک ئەو کەسەوایەکەبەپارەو پولی خۆی –ئاڵتوون یان زیو– بەندەیەک بکڕێت و پێ ڕابگەیەنێت: ئەمەماڵی منەو ئەوەیش ئیشەکەمەدەبێت ئیش بۆ من بکەیت و پارەکەش بدەی بەمن ئەویش بە پێچەوانەوەچی پەیدا بکات بیدات بەیەکێکی تر جا ئایا کامەتان پێ خۆشە بەندەکەی کاری وابکات؟ ئەو خوایەی ئێوەی دروست کردووەو ڕزق و ڕۆزی پێداون نابێت هاو بەشی بۆ دابنێین .

دووەم: فەرمانتان پێ دەکەم نوێژ بکەن و لێ پاشگەز مەبنەوە

سێهەم:فەرمانتان پێ دەدەم کە ڕۆژو بگرن. ئەوەی ڕۆژو بگرێت وەک ئەو کەسەوایەکەبوخچەیەکی پڕ( میسکی ) پێ بێت بچێتەناو کۆمەڵێکەوەهەموویان خەز لەبۆنەخۆشەکەی بکەن بەڕاستی ڕۆژو لای خوا لەبۆنی (میسک) خۆشترە.

چوارەم: فەرمانتان پێ دەدەم کە خێرو خێرات بکەن ئەوەی ئەوەبکات وەک ئەو کەسەوایەکەدوژمن دیلی کردبێت و هەردوودەستی بکەنەملی و بەگوریس شەتەکی بدەن ئەویش داوایان لێ بکات کەبەپارەخۆی ڕزگار بکات ئیتر کەم وزۆر چی هەبێت بیان داتێ تا خۆی ڕزگار بکات .

پێنچەم: فەرمانتان پێ دەدەم بەزۆری (ذیکری) خوا بکەن ئەوەی ئەو کارەبکات وەک ئەو کەسەوایەکەدوژمن ڕاوی ئەنێت و دوای دەکەوێتئەویش قەلآتێکی قایم دەدۆزێتەوەو تیا حەشار دەدات بەندەش وایەتەنها(ذیکر)ی خوایەلەدەست شەیتان ڕزگاری دەکات.

ئینجا پێغەمبەر (درود و سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: منیش پێنچ شتان پێ دەڵێم کەخوا فەرمانی پێ کردووم ئەوانەش ئەمانەن: هەمیشەلەگەڵ ڕای زۆرینەدابن گوێڕایەڵی سەرکردەکانتان بن. لەفەرمانیان سەر پێچی مەکەن کۆچ بکەن بۆ چاکەلەڕێگای خوادا ، جیهاد بکەن هەرکەسێکیش بەقەدەر بستێک خۆی لەکۆمەڵ دوور بخاتەوەئەگەر تۆبە نەکات لەئیسلام دەشۆرێتەوەو فڕی بەسەر ئیسلامەوەنامێنێت، هەرکەسێکیش نەریتی (جاهیلیەت) زیندوو بکاتەوەئەوەدەکرێتەدەستەچیلەی دۆزەخ عەرزیانکرد: ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا نوێژو ڕۆژووەش بکات ؟ فەرمووی: بەڵێ ڕۆژو نوێژەکەی دادی نادات ئیوەبەقسەی خوا بکەن ئەو خوایەی ناوی ئیسلامی لێ ناون ، بەندەکانی خوا ))

( حدیث صحیح اخرجەالترمذی والنسائی واحمد وابن حبان )